# دەو نوقتە

**د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود**
**(زانكۆی سەلاحەددین - كۆلێژی پەروەردە)**

ئەم باسە، دەو نوقتە بابەتێكی زۆر تازە و باس نەكراو دەوردەكــاتەوە، یەكــێك لە تایبــەتیــیــە هەرە سەیروسەمەرەكان، ناوازە و عەجحایبەكانی شیعری كلاسیكی كوردیمان، نیگار و خۆشەویست، مەحبووبە و مەعشووقە بەشتی وا پێكچوێنراون، یان لە وەسفدا بەرانبەر بە یەك كراون، لە چێژ و خۆشی بەخشین بە دڵ و دەروون گەیشتوون بە سنوورەكانی داهێنان و ئەفراندن.

ئەم بابەتە پێویستی بە دەرخستن و نمایشكردن هەبوو، بۆیە ئێمە تەنیا وێنە و دێڕە شیعرەكان دەهێنینە دەنگ، كە پڕ و لێوان لێون لە خەیاڵی شاعیرانە و لە نێو دیوانە كلاسیكییەكانماندا بە دەیان، بەڵكو بە سەدان نموونەمان هەیە، گــیــانیــان وەبەر تابلۆ ناسك و پڕ لە نەخش و ڕەنگەكاندا كردووە.

دەسپێك (٥) شاعیرمان وەرگرتووە، بۆ چوونە نێو بابەتەكە بە گشتی، پاشان نموونە شیعرییەكان تۆمار و شرۆڤە كراون.

* نالی دەڵێت:

**دندان گوهەر و لەب شەكەر و پەنجە بلوورن**
**ناسك بەدەن و مووكەمەر و سیم سورین** ٧٦

نالی لەم دێڕە شیعرەیدا (١٢) وشەی بەكارهێناوە، (٦)یان ناون و لە مەحبووبەكەی خواستووە، یان وەرگرتووە: (دندان، لەب، پەنجە، بەدەن، موو سورین). (٦) ـەكەی تریان لە فەرهەنگی بیر و خەیاڵی خۆی دەسبژێری كردوون. جووتە وشەكان پێكەوە جۆرە لێكچواندن و سیفەتێكی وایان دروست كردووە، دیمەنەكانیان جوانتر و ڕازاوەتر كردووە.

ئەگەر بە وردی تەماشای لەوچووەكان بكەین، دەبینین

هەمــوو سنوورەکــانی عــادەتی خــۆیان بەزاندووە، وێنە بەرجەستەکراوەکان نامۆ و سەیر خۆیان دەنوێنن، لەگەڵ هەمــوو ئەمانەشدا تەشبیــهـو پێکچواندنەکان چێژ و خۆشییەکی ڕوحیمان پێ دەبەخشن.

گــوهەر، یان جــەوهەر: واتای زۆرە، لەوانە: هەمــوو بەردێکی بەنرخی وەک: ئەلـمـاس، یاقــوت، پیــرۆزە، مـرواری و شـتی تر. (الاحجـار الكريمة). بلوور: جـۆرە شووشەیەکی ڕوون و بێ گەردە، کریستال، کەمەر.

لە باریکی وەک مـووە. سورین: ڕان، کـەفەڵ، سمت. سـیم: زیو. لەوانـەیە کـەسێک هەبێ بڵێ: بزانە بزانە! نالی چی بە مەحبووبەکەی خۆی کردووە.

* سالم دەڵێت:

**یادی زوڵف و ئەبرۆ و موژگانی یار**

**زەخمی تیرە، چەربی تیغە و زەهری مار ٢٩٠**

شاعیـرمـان، بە پێچ و پەخشـێک (لف و نشـر)ێکی نارێک چی بە سەر یارەکەی خۆی هێناوە!

زلف: زەهری مار، ئەبرۆ: زەربی تیغ، موژگان: زەخمی تیر.

بابزانین و تەماشاکەین، بسک، برۆ و موژەی یارەکەی سالم چ گۆڕانکارییەکی بەخۆوە بینیوە و بەرانبەر بە چی دانراون.

* ناری دەڵێت:

**لەبەر تیری موژەی بێ مروەتی ئەو شۆخە نەخشینە**

**لە هەرجێ دەنگی یا تەڵقینە، یا یاسینە، یا شینە ٩٠**

لەم ئاوەدانییــەو لە هەر شـوێنێک، دەنگی سـوورەتی یاسین بێ و بخـوێنرێ، پاشـان ببێ بە شین و گـریان و لەخۆدان، دواتر لەسەر قەبران دەنگی مەلا دێ و خەڵک لێی خـڕ بوونەتەوە و ئەویش تەلقین دەدات، هەمــوو ئەمـانەش دیارە بە تیـری مـوژەی ئەم شـۆخـە پێکراوە و مردووە.

* زێوەر دەڵێت:

**لە غەیرە خاڵییە مەجلیس نیگاری مەهـ جەبین بابێ**

**سوراحی گەردەنێ، چاوپیاڵە، یاری نازەنین بابێ ١٩٢**

لە نیــوە دێڕی یەکــەم نیگار هاتووە واتە: دلبــەر، خـۆشـەویست، کـە نێـوچەوانی مـانگە. لە نیـوەی دێڕی دووەمدا، زێوەر دەڵێت: تەنیا یارە نازەنینەکەم بابێ، کە گـەردەنی وەک سـوراحی و چاویشی وەک پیـاڵەیە! ئەم جۆرە گەردەن و چاوانە مەگەر هەر لە نێو وێنە جوانەکانی شیعری کلاسیکی کوردیماندا هەبێت.

* حەمدی دەڵێت:

**باڵی کێشاوە بەسەر حوسنا لە دوولاوە برۆ**

**وەک هوما گەییە مەقامێ پێی لەسەر چاوە برۆ**

**ئەمری هەر قەتلە ئیشارەی دڵ بە دوو لەت کردنە**

**شیری میسرە قەت لە کالانا نەوەستاوە برۆ ٤١٩**

هومـا: باڵندەیەکی ئەفـسـانەییـە، لە حـەقـایەت و ئەفسانەکاندا ناوی هاتووە. حەمدی باسی کەسێک دەکات، برۆکانی وەک باڵی ئەم تەیرە بەسەر ڕوخسارە زۆر جوانەکەیدا کراونەتەوە، پێیەکانیشی لەسەر چاوە. باسکراو تەنیـا ئەمـر دەکا و دەکـوژێ و دڵەکـان پارچە پارچە دەکـا، کـورد دەڵێت: (دەکـوژێ و ناشـارێتـەوە). برۆکانی شیری میسرییە و عەجمانی نییە و ناوەستێ! ناو کالانی نەبینیـوە، شیـری میـسریش لە تیژ و هێـز و قـەیمی بەناوبانگە. نموونەکـان زۆرن و کـوردەواری خۆمـان دەڵێت: (مشتێک نموونەی خەروارێکە).

نموونە شیعرییەکانی ئەم بابەتەمان (١٨) دێڕە شیعرە و بەسەر (٤) کۆمەڵەماندا دابەش کردوون، کۆمەڵ کۆمەڵ وەرگیراون و قسەیان لەسەر کراوە.

کـۆمـەڵەی یەکـەم: (نالی، ناری، بێـخـود)ی پێکەوە کۆکردووەتەوە:

* نالی دەڵێت:

**لەبت میم و قەدت ئەلف و زولف جیم**

**دەزانی بەم سێ یانە تالیبی چیم ٦٧**

* ناری دەڵێت:

**میم دەمی و ئەلف بینی، چیمە زوڵفی عەنبەری**

**تا وەزیفەم بێ لە ڕوویا، بەندە فرمانم ئەکا ٣٥**

* بێخود دەڵێت:

**سیمورغی قافی مەحوی خەیاڵی میانە قەلب**

**عەنقایی وەهمی میمی دەمی بێ نیشانە دڵ ٤٠**

نالی لەم داهێنانە گرنگ و ناسکەش دەستپێشخەرە، وێنەکـانی زۆر بە جـوانی و دانسـقـەیی، بە ڕەنگاوڕەنگی وێنا کردووە. لەو کۆمەڵەیە دەوی مەعشووقەکان ئەوەندە بچووکن بەو خاڵە، یان نوقتە سپییەی نێو ڕەسمی دەنگی میمیان چواندووە، نیشاندانی ئەو جۆرە دەوانە لای ئەو شاعیرانە ئەوپەڕی جوانی و شەنگی دەنوێنێت و

ئەوانیش گەیشتوون بە خەونە خۆشەکانیان.

لە کۆمەڵەی دووەم (٥) دێڕمان هەیە، لەو نموونانە شاعیرەکانمان زۆریان تێپەڕاندووە! دەوەکانیان بە نوقتەی مەوهووم چواندووە. مەوهووم: ئەوەی شتێکی بەدڵدا بێت، یان وا خەیاڵ بکەی شتێکی زۆر بچووک هەیە، نوقتەیەکە دیارە و دیار نییە، ئەمەش بۆنی ئەوەی لێ دێ دەوەکە خۆی نییە، بەڵام وا دەزانرێت هەیە.

* ئەدەب دەڵێت:

**نەمزانی چییە سیڕی دەهانی وەک نوقتەت**
**خۆی نوقتەیی مەوهووم و جیهان قەیدییە لەودا ٥١**

* سافی دەڵێت:

**نوقطەیی دەمی مەوهوومە ئەو حیکمەتە مەکتوومە**
**ئەغیار لەوە مەحروومە بەس من خەبەرێکم بوو ١٩٠**

* دیسان دەڵێت:

**دڵ کەوتە خەیاڵات لەبەر غونچەیی لێوی**
**وەک نوقطەیی مەوهوومە ئەگەر بێ نەبزێوی ٢٧٦**

* زێوەر دەڵێت:

**دەمی تۆ خونچەی نەشکوفتەیە، یا نوقتەی مەوهووم**
**بە خەندە دوڕ بەسەر لەعلاو لەعلیشی لە شەککەردا ١٢٤**

* خادیم دەڵێت:

**لە تەنگی نوقتەی مەوهوومی زارت بوو کە نەمزانی**
**نەماوە ویسعەتێ لەم تەنگییە بۆ قافییەی فەردم ١٦٩**

کۆمەڵەی سێیەم (٤) نموونەمان هەیە، باس لە تەنگی دەوەکان دەکەن، بە (دڵ و غونچە و قافییە)ی تەنگ چوێنراون.

* زێوەر دەڵێت:

**چۆن ڕەحمی ئەبێ ئەو دڵە ڕەق هەر وەک سەنگە**
**کەی نوتقی ئەبێ ئەو دەمە وەک غونچەیی تەنگە ١٧٤**

* حەمدی دەڵێت:

**دەمت وەک قافییەی ئەم شیعرە تەنگە**
**کەلامێکی نییە بۆ من بە سەد ناز ٣١٥**

* حەمدی دەڵێت:

**دەمی تۆ و غونچە ئەسبابی دڵتەنگی من و بولبول**
**کە یاری فەیز بەخشە هەر وەک گوڵ ئاڵ و والا بێ ٤٣٨**

* خادیم دەڵێت:

**دڵی من تەنگ ترە یاران وەیا نوقتەی دەهانی یار؟**
**جیهان شێوا ترە ئیمڕۆ وەیا خود حاڵی شێواوم؟ ١٧٨**

لە کۆمەڵەی چوارەم (٦) نموونەی هەمە چەشنمان هەیە، هەر یەکە و بە جۆرێک باسیان لە دەوی مەعشووقەکەی خۆیان کردووە:

* نالی دەڵێت:

**وەسفی ڕوخساری لە فیکری بەنی ئادەم بە دەرە**
**ئیبتیدای مەدحی دەمی وەک خەبەری بێ ئەسەرە ٩٠**

ئەگەر بمەوێ مەدح و ستایشی دەوی مەحبووبەکەم بکەم، وەک هەواڵێکی نەبوو خۆی دەنوێنێ، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە دەوەکە نوقتەیەکی یەکجار بچووکە و نوقتەش نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی.

* مەحوی دەڵێت:

**دڵ هایە دائیم کە ئەمە قەترەیە داخۆ**
**یا جوزئێکی بێ جوزئە موسەمما بە دەهانە ٢٨٠**

لە دیوانەکەی (مەحوی)دا هاتووە: دڵ سەری لێ تێکچووە، نازانێت ئەم شتە بچکۆلەیە دڵۆپی ئاوە، یان شتێکی ئەوەندە بچووکە کەرت ناکرێت و پێی دەڵێن دەم!

* وەفایی دەڵێت:

**ئەو زارە کەوا هەر نییە خاڵی لە تەبەسسوم**
**سەیری کە دەڵێی گەهـ لە بەقا گەهـ لە فەنادا ١٣٧**

ئەگەر زار و دەوێک هەر وجوودی نەبێت، زەردەخەنە و خەندەی سەرلێوانی لە کوێ دەبێت.

* سافی دەڵێت:

**دڵ وا لە بەر ئازاری وەکوو نوقطەیی زارت**
**گاهێ لە وجوودا هەیە گاهێ لە عەدەمدا ١٤٢**

لە بچووکی دەوی مەعشووقەکەی، سافیش بە نوقتەی چواندووە و وەک وەفایی دەڵێت: هەیەو نییە.

* حەمدی دەڵێت:

**گەر ببینی غونچە ڕەنگە هەر لە داخا شەق بەرێ**
**نوقتەیی ئاڵی دەمی مەحبووبی دیدە کاڵی خۆم ٣٨٩**

(حەمدی)ش دەوی مەحبووبەکەی بە نوقتە داناوە و ڕەنگی ئاڵیشی پێ بەخشیوە.

* بێخود دەڵێت:

**(بێخود) به کردەوەو قسە، خاکم بەسەر، وەهام**
**هەر وەک دەم و جنێوی بتان نیشم و هەشم ٥٠**

شاعیرمان دەڵێت: قورم بە سەری قسە و کردەوەم یەکە، لە نیوەی دووەم بە پێچ و پەخشێکی ڕێک (لەفو نەشر) دەم - نیشمجنێو - هەشمبتان = خۆشەویستان دەوی مەعشووقەکەی بێخود دیارە هەر بۆ جنێو و شتی تر هەیە و بەس.


**پەراوێزو سەرچاوەکان**

**(١) نالی (دیوان)، ساغکردنەوەی مارف خەزنەدار، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**(٢) سالم (دیوان)، ساغکردنەوە و لێکدانەوە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم، ئامادەکردن سدیق ساڵح، بنکەی ژین، بەرگی یەکەم، ٢٠١٥.**

**(٣) ناری (دیوان)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی کاکەی فەللاح، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٨٤.**

**(٤) زێوەر (دیوان)، مەحموود زێوەر کۆی کردووەتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.**

**(٥) حەمدی (دیوان)، ساغکردنەوە و ڕێکخستن و چاپکردنی عەبدوڵڵا خدر مەولوود، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.**

**(٦) بێخود (دیوان)، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا، ١٩٧٠.**

**(٧) ئەدەب (دیوان)، کۆکردنەوە و ساخکردنەوە و ئامادەکردنی محەمەد حەمە باقی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.**

**(٨) صافی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.**

**(٩) وەفایی (دیوان)، کرد و کۆ و بەراوردکاری سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانی مەرکەزی، ساغکردنەوە و پێشەکی و ..... د. عوسمان دەشتی، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژ (١٤٥)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.**

**(١٠) خادیم (دیوان)، ئامادەکردن و ساغکردنەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (دار الحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٠.**